سەید حەکیم داوا دەکات، ڕەچاوی بارگرانی کەربەلا لە بۆدجە و بەشە کارەبا بکەن

لە پرێس کۆنفرانسی سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت لە پارێزگای کەربەلای پیرۆز سەماحەتی ستایشی دۆخی گەشەسەندنی شاری کەربەلا و ئاستی بیناسازی و پێشکەوتنی شارەکەی کرد و گوتی ئەوە هەمووی بەرووبوومی پارێزگا و ئەنجومەنی پارێزگا و کادیرانی ئەمن و ئەندام پەرلەمانانی شارەکە بووە.
سەماحەتی ئاماژەی بە سروشتی ئەو ئاستەنگانە کرد کە ڕووبەڕووی ناوچەکە دەبێتەوە و ڕوونیکردەوەش کە ئە پەرەسەندنە بارگرانی زیاتر دەخاتە سەر عێراقئەوە جگە لەو بارگرانە ئابوورییەی لەسەریەتی و ستایشی ئەرکی حکومەتی نێوخۆیی کرد لە دابینکردنی شایستەی جوتیاران و بەڵێندەران و لەگەڵ پێدانی مووچەی سەرجەم فەرمانبەرانی بەشێوەیەکی ڕێك و پێك.

. بەڕێزیان داوای کرد دادپەروەری بەرامبەر کەربەلا بکرێت بە تەرخانکردنی بودجەیەک کە هاوتا بێت لەگەڵ ئەو ڕکابەریانەی و بارگرانیانەی کە پارێزگاکە بەهۆی ملیۆنەک سەردان و پێشوازیکردنی ڕۆژانەی سەردانیکەرانی پارێزگا جیاوازەکانی عێراق و هەموو جیهان ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەوەش نەک لەسەر بنەمای دانیشتوانەکەی مامەڵەی لەگەڵدا ب هاوکات بکرێت، هەروەها داوای بڵاوکردنەوەی کەلتوری کاری خۆبەخشانە لە هەموو بوارەکانی ژیان لە پارێزگاکەدا، بەو پێیەی کە کولتوری کاروانی حوسێنی دەبێت کەلتووری ژیان بێت، هەروەها گرنگی پاداشتکردنی کەربەلا بە چیرۆکە سەرکەوتنەکانی بە زیادکردنی تەرخانکردنی کەربەلا ڕوونکردەوە.